ستانسلاڤسکی لە تازەترین پرۆژەی شانۆی ڕۆژدا.. نیهاد جامی

لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی سارد لە ١٩٦٤ شانۆی ڕۆژ لەلایان ئاریانا منۆشکین دامەزرا، هەر لەو ساڵەدا شانۆگەری بەرژوازی بچوکیان نمایش کرد، ئەو سەرەتایە دەرگای بە شانۆیەکی نوێ لە کردنەوە کە لەگەڵ ئاگوزەرو چەنیەتی کارکردنەوە لەدژی دامەزراوە سونەتیەکان دەست بەکاری شانۆیی بکەن، تا دەگات بە دوا نمایشیان کە ساڵی ڕابردوو نمایشکرا، چیرۆکی دامەزراندن و قسەکردن لەتەواوی نمایشکانیان بابەتکی سەربەخۆ دەبەت و لەرەدا ناکرێت قسەی لەبارەوە بکەین و بەناچاری هەڵیدەگرین بۆ دەرفەتی تر، ئەوەی مەبەستمانە لەم نووسینەدا لەسەر دواهەمین نمایشی ئەم شانۆیە قسە بکەین.

لەنامەیەکی شانۆی ڕۆژ ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کەوا ساڵی ٢٠١٨ میوانداری دەرهێنەر هەبەری لیپاچ کراوە، ئەمجارەشیان بانگهێشتی شانۆکارێکی تر کرا بۆ ئەوەی لەگەڵ شانۆی ڕۆژ کار بکات، بانگهێشتکردنی نوسەرو دەرهێنەرێکی ئەمریکی بۆ باسکردن لەشانۆی ستانسلاڤسکی بۆ خۆی پرسێکی گرنگی شانۆیە، کارێکە جێی هەوڵستە و پرسیارکردنە، بۆتایبەت ئەو کارە تەواو ئەو دیدە باوەی ئانردووی شانۆکە تێکدەشکێنێت لەووی ڕاگوزەرێک لەناو تێکستدا کەوا لەسەرەتای کارکردنی شانۆی ڕۆژ دەردەکەوێت، هەڵبەت ئەم شانۆیە بۆپەی ساڵەکان کاری لەگەڵ دەرهێنەری جیاواز کردووەو دیدی بۆ شانۆگەشی کردووە، بۆیە نوسەر و دەرهێنەری ئەمریکی ڕیشارد نیلسن (١) میوانداری کرا تا تازەترین کاری لەگەڵ ئەکتەرانی شانۆی ڕۆژ نمایش بکات، کارەکەش شانۆنامەیەک بوو لەژێرناونیشانی «ژیانی ئەمە لەهونەردا» (٢) لەچەندین ئاستی جیاواز جێی گرنگی و بایەخە، دەقەکە ئاریانا منوشکین وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی فەرەنسی و لەکتێبێکدا چاپکراوە (٣)

شانۆنامەکە باس لەگەشتە هونەریەکەی شانۆی هونەری مۆسکۆ دەکات، کاتێک ساڵی ١٩٢٣ لەسالیادی بیست و پێنجەمینی تیپەکە سەفەر دەکەن بۆ ئەمریکا، بۆیە کارەکتەرو ناوەکانی وەک خۆی لەشانۆنامەکەدا بەکار هێناوەتەوە، تەنانەت ستانسلاڤسکی وەک دەرهێنەر ئەویش لەناو ڕووداوەکاندایە، لەپاڵ ئەلگای خۆشویست وهاوسەری چەخۆف و کارەکتەرەکانیتر.

شانۆنامەکە بریتیە لە شەش دیمەن، دیمەنی سێیەم دوو بەشە، بەهۆی ئاوەی لەسەر دوو بیرەکە کار دەکات، دوو نامە هەیە بە سەرتا و کۆتایی، کە زیاتر پەیامی ئاستوخێیە بە بینەر بە تێگەیشتن لە بیرەکەی نمایش و ئەنجامی کارەکە.

رووداوەکان هەر هەموویان لەیەک شوێن ڕوو دەدەن، کە هۆتێلی ناخواردنە، لەدیمەنی یەکەمدا هاتنی تیپەکەیە بۆ ئەمریکا، ئەمە لەوەدا وێنەیەکی ڕوونمان بۆ شانۆنامەکە لا دروست دەبێت، باس لەگرفتە ئیداری و کولتوریەکانیان دەکەن لە ئەمریکا، هەندێک لە ئەکتەرەکان کەشیان لەگەل خاوەنی مەیخانەی شانۆکە هەیە، دیمەنەکە خاڵی نیە لەکەمیدیایەک کە لەشانۆنامەکانی چێخۆف دەبینین، ئاوێتەبوونی نووسەرە بە ئاو دنیایە، کە چەن کارەکتەرەکانی چێخۆف کاریگەریەکی گرنگیان لەناو ژیاندا هەیە، ووشەکان چەن بەناخیاندا ڕێشتووە. شوناسی ڕووسی بوون بۆ ئاوان هەمیشە لەدیالۆگەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، ئاوێتەبوونی جیاوازی کولتوری ئاو دوو کەلەگا جیاوازی نیشان دەدات، بۆگشتی شانۆنامەکە دیاریت گەشتی شانۆی هونەری مۆسکۆ بگەڕێتەوە، لەڕەدا توخزینەوەیەکی ورد لەبارەی ئاو گەشتە دەخوێنێتەوە و دەبینین، ئاوەی جیاوازی دروست دەکات ئاوە شێوازو زمانی کارەکەیە، ئەمە لەدڕاوەی توخزینەوەی نووسراو و سۆپاندنی دەکیەمێنت لەناو ڕووداوەکاندا، وەک ئاوەی لەناو خودی ژیاندا بین و ڕووداوەکان وەک شانۆنامە لەگەڵماندا ڕەدەکەن، لەڕاستیدا بابەت گەشتەکی هونەری ئەم شانۆیە.

گفتوگۆکان چەندە قسە لەنان دروست کردن دەکەن، چاوەڕوانی کردن بە نان خواردن، لەهەمان کاتدا گفتوگۆکان لەبارەی کارە شانۆیەکان و شانۆنامەکانی چێخۆف و باس لەئەکتەرەکە کە لەتەمەنی هەشت سالی هاملێتی بینیووە، بۆگشتی ژیانی ئاوان بەناو شانۆدا دەسوڕێتەوە.

قسەکردن لەکەشە ئیداری و هونەریەکانی ئەم تیپە و تێنانێت سوور بوونی کەسێک لەئەمریکا بە بینینی ستانسلاڤسکی، دەبێتە بابەتی گفتوگۆی تیپەکە، ئەکتەرەکان بەرچاو ڕونیەکی تەواو دەخەنە ڕوو، بەوەی ئەمریکیەکان وا سەیری دەکەن کە ئاو دەرهێنەرێکی ڕووسیە و دەوەستەندە، ئەمە لەکۆتاییەکانی دیمەنی چوارەم کاتێک لەناو ئاو گفتوگۆیەداین، هەمیشە بەنهێنی نوێ ئاشنا دەبینین، لەگەشتی ئاو تیپە بە شیکاگۆی ئەمریکی.

ریشارد نیلسەن کە کارەکتەرەکانی لەئێنداما‌نی تیپەکە وەرگرتووە و لەسەر زاری خەیان باس لەوردەکاری ئاو سەفەرە دەکەن، دیاریت شانۆنامەکە بکات بە ئارگەمێنتی ئاو گەشتە هونەریە، بەدوای سەد ساڵ تێپەڕین بەسەر گەشتی ئاو تیپە، شانۆنامەیەک دەنووسێت لەبارەی سەفەری گرنگترین تیپی شانۆیی و دەرهێنەرێکی وەک ستانسلاڤسکی، کە

لەم سەفەردا کۆشکە کولتوری و سیاسی و کۆستیۆکانیان چی بوو.
بەهەمان شێوەی ستانسلاڤسکی، چێخۆف کاریگەریکی دیاری لەناو شانۆنامەکەدا هەیە، بەڵام ئەو نابینین، بەکو قسەکردنکان لەبارەی شانۆنامەکان و بەتایبەت شانۆنامەی سێ خوشکەکە، ئەو سەرباری ئەوەی ئاڵگا بەوردی باس لەژیان و نوسینەکانی دەکات.
سەرباری ئەوەی هەندێک نهێنی چێخۆف لەووی پەیوەندی نێوان ژیانی خەزانی وساتەکانی نووسین دەخرێتە ڕوو، بەتایبەت لەباسکردنی خوشکەکەی چێخۆف کە بەڵشەفیک بووە.
وەک پێشتر ئاماژەمان بە کرد شانۆنامەکە بە نامەیەک دەست پێدەکات و بە نامەیەکیش کۆتایی دێت، نامەکەی کۆتایی کە ڕیشارد دەیخوێنێتەوە یانزە ساڵ بەسەر ڕووداوەکانی تێپەڕیووە، نامەیەکە بە ئیمزای ستانسلاڤسکی ستایشی شەرشی کۆمۆنیستی ڕووسی و حکومەتەکەی دەکات، بەوەی ئەو نیشتمانپەروەرو ولات و حکومەتەکەی خەی خۆش دەوێت، لەگەڵ کۆتایی نامەکە ستانسلاڤسکی لەی نزیک دەبێتەوە، بەڵام ڕیشارد دەڵێت «ئەو ئەمەی نەنووسیوە، بەڵام ناچار بوو ئیمزا لەسەر ئەو نامەیە بکات» نامەکە دەپچڕێتەوەو دەیخاتەوە گیرفانی خۆیەوە، دەچێتەوە لای ئەکتەرەکان، مۆسیقا و گۆرانی شانۆگەریکە دەست پێدەکاتەوە، شانۆنامەکەش کۆتایی دێت.
ئەو کۆتاییە وەک پاکانەیەک بە سەفەرەکەی ئەمریکاو گەشتی شانۆکەی دەرکەوتووە، بە ئەوەی کۆتایی بەهەموو گومان و پرسیارێک بێنێت کە شانۆگەری سێ خوشک لە شیکاگۆی ئەمریکی دروستی کرد، ئەو کاریگەریە گرنگەی شانۆگەریکە حکومەتی شورەویی ستانسلاڤسکی ناچار بوو دەکات، نامەیەکی ئامادەکراو لایان حکومەتەوە ئیمزا بکات کە ئەو نووسیویەتی، ئەنگە ئەو پرسە گرنگی تایبەتی خۆی هەبێت لەقسەکردن و گفتوگۆکانی ناو شانۆنامەکە و پارتی بەڵشەفیک کە لەم شانۆنامەیەدا ئەکتەرەکان گفتوگۆی لەبارەوە دەکەن و ئاماژەکان دەبەستنەوە بە خوشکەکەی چێخۆف، (٤) بەڵام چونکە لەنمایشکەی شیکاگۆ، ستانسلاڤسکی توانیەتی ئەوە لەکردەی دەرهێنان ڕوون بکاتەوە بەپێی ئەو ژینگە ئەمریکییە دوور لەدەسەلاتی ڕووسی ئەو کات، بۆیە تەمەتەکە دەخرێتە سەر ئەو، چێخۆف وەک بگوناه دەردەکەوێت، بەڵام لەلای ڕیشارد نیلسەن هەکارەکە بە دەخی خەزانی چێخۆف خۆی دەگەڕێندرێتەوە.
لەڕەوە گرنگی ئەم شانۆنامەیە لەچەندین ئاستی جیاواز دەردەکەوێت، کە دیارە ئەوە یەکەم کاری نووسەرە بە فۆنسی نمایش بکرێت، کارەکە لەبنەڕەتدا بە ئینگلیزیی نووسراوە، کاتێک لەگەڵ منشکین باسی کارەکە دەکات، ئەزامەندی لەسەر ئەوە نیشان دەدات کە میوانداری بکەن تا بێت لەشانۆی ئۆڕ لەگەڵ ئەوان کاری تیا بکات، (٥) هەبێت کارەکە هاوکاتی سەد ساڵەی گەشتی شانۆی هونەری مۆسکۆیە

بە ئەمریکا.
گەنجانەوەی شانۆی ڕۆژ بە ستانسلاڤسکی، نیشاندانی پاشگەزبوونەوەی شانۆی ڕۆژ نیە بە ئەزموونکانی، هەندێ گەنجانەوەیە بە گرنگی ستانسلاڤسکی لەهونەری شانۆدا، بەتایبەت کە لەم شانۆنامەیەدا دیدی ئەو دەرهێنەرە لەگەڵ ئەکتەرکانی بە تیژی دەرهێنان و شیکردنەوەی تێکست باس دەکرێت، لەم ڕێگایەوە ئەو ئاستیەمان بە نیشان دەدات کە گەنجانەوەکەی ئەو گەنجانەوەیە بە ناو بنەما زانستیەکانی شانۆ و لەهەمان کاتدا سەرباری هەموو شتێک، ناکرێ شانۆی گرنگی ستانسلاڤسکی فەرامۆش بکات.
هاودەنگی نێوان نیلسەن و شانۆی ڕۆژ کەبونەوەیە لەسەر خوانی شانۆنامەکە، گرنگی ستانسلاڤسکی لەو کەبونەوەیەدا زیاتر لە دیمەنی سێیەمدا دەبینین، کاتێک باسی ژنێک دەکەن و هەمویان لەدیالۆگەکەدا بەشدارن، شێوازێکە بە شیکردنەوەی کارەکتەر، لەم دیمەنەوە تەدەگەیت ستانسلاڤسکی لەشانۆیەکەیەوە دەیەوێت توخمێنەوە لەبارەی ژیانەوە بکات، لێرەدا گەر خاڵێک شانۆی ڕۆژ بەدەرخایی ئەزموونی کارکردنی لەشانۆی فەرمی جیاوازەوە ئەو کارە بەئەنجام بگەیەنێت، سەرەنجام بە شیکردنەوەی کارەکتەر دەگەڕێتەوە بە ستانسلاڤسکی لەشانۆی ئەم شانۆنامەیەوە.
لێرەدا دوو خاڵی گرنگ لەپشت نووسینی ئەم شانۆنامەیە بە نووسەر وەستاوە، یەکەمیان کاردانەوەیەکی ئەخلاقیە بەرامبەر بەو تیپە شانۆیەی کە سەد ساڵ پێشتر چوونەتە وەاتەکەی، بەپێی دەکیەمنتەکان کە لەوتارەکدا بەدوای شانۆنامەکە نووسیویەتی و لەکتێبەکە لەگەڵ وتارێکی منداڵەکەی گفتوگۆیەکی هەردووکیان بەاوکراوەتەوە، ئاماژە بە ئەو دەکات کە چۆن بینەران بە وروژم بەرەو هۆڵی شانۆگەریەکە هاتونەتە تا کارەکەی شانۆکارانی ڕووسی ببینن.
خاڵی دووەمیش وابەستەی ئەو ململانێ سیاسیەی ئەو دوو بلۆکی سۆسیالیستی و سەرمایەداریەی ئەو ڕۆژگارە بووە، کە دواتر ئیمزا لەسەر نامەیەک بە ستانسلاڤسکی دەکەن، لەکاتێکدا نمایشکەی وەک دەستپێکی هونەری سەربەخۆ دیدی ئەوی بەرجەستە کردووە، بەناوی وەک نیلسەن لەو گفتوگۆیەکەی وێب سایتی «کتێب و فیکرەکان» بەناوی «سەدەی ستانسلاڤسکی» بە زمانی ئینگلیزیی باسی بەتەوە، ئاماژە بە ئەو دەکات کە شانۆ و سیاسەت لەیەکتر دانەبڕاون، دیارە ئەو ڕوانینەی نیلسەن بە ستانسلاڤسکیش هەر ڕاستە، بەناو پرسەکە ئەویە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەدوای کۆتایی هاتنی، ناتوانێت ستەمی سەپێنراوی تا کۆتایی حاقیقەت بشارێتەوە، حەقیقەت لەکاری هونەریە، ئەو دێت بەدوای مەرگی بلۆکی سۆسیالیستی لەم شانۆنامەیەدا بوونی خۆی دوای سەدەیەک نیشان دەداتەوە.

نیهاد جامی- فەرهەنسا

پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) ریتشارد نیلسن شانۆنوس و دەرهێنەرێکی ئەمریکیە لە دایکبوی ١٩٥٠، وەک نووسەری شانۆیی بیست و چوار خەلاتی وەرگرتووە، پێنجا و دوو شانۆنامەی نووسیوە، هەندێکیان لەتەکستی تریشەوە وەرگیراون، بەتایبەت دوو کاری لە دوو شانۆنامەی چێخۆف وەرگرتووە، پێنج شانۆنامەی بە هادیە نووسیوە، سیناریۆی بە پێنج فیلمیش نووسیوە، دواهەمین بەرهەمی سالی ٢٠٢٤ نووسیوە لەژێر ناوی «رۆژانەی جەنگ و شانۆ»

(٢) Notre vie dans l’art /Richard Nelson, l’avant-scène théâtre 2023

(٣) یەکەم نمایشی شانۆنامەکە لە رۆژی ٦ ی دیسەمبەری ٢٠٢٣، چوارچێوەی فێستڤالی پایزدا نمایش کرا.

(٤) بەبۆنەی ئەمە ئێو پرسە تا ئێستا لەنووسینی کوردیی لەبارەی سێ خوشکەکەی چێخۆف باسی نەکراوە، بۆیە هەر وتارێک لەبارەی ئەم شانۆنامەیە نووسرابێت تەنیا هەوڵدراوە، باس لێوە بکرێت کە نووسراوە، بۆواتای توانای ئێوە نەبووە کە نهێنی نووسین ئاشکرا بکات.

(٥) Stanislavski’s century, an interview with Richard Nelson, www.booksandideas.net